Salahaddin University-Erbil
زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Conferences

# هەولێر بە پێی سەرچاوە مێژووییە فارسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی کۆچی / پازدەیەمی زاینی
## لێکۆلینەوەیەک لە مێژووی سیاسیی و کارگێریی هەولێر بە پێی نووسینەکانی
## ( حافیز ئەبرو – حافظ أبرو، فەسیحی خەوافی – فصیحی خوافی)

**د.موسی محمد خضر**
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین/ **هەولێر**
mamadarashm @gmail.com
Musa.khder@su.edu.krd
DOI: https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.018

**پوختە**
سەبارەت بەو شارە مێژووییە و دێرینە هەولێر(ئەربل- ئیربل)، کە بە کۆنترین شاری بەردەوام ئاوەدانی جیهان ئەژماردەکرێت،لە سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامیدا سەربە هەرێم ومەڵبەندی هەندێک لە ولاتان ژمێردراوە، هەروەها وەکو مەڵبەندێکی سەربەخۆ ناوی هاتووە و لە سەرچاوە مێژووییە فارسییەکانیشدا بە هەمان شێوە، بەزۆر هۆکارەوە ناوی هاتووە، بەڵام لە و سەردەمەی کە ئەم توێژینەوەیەی تێدا ئەنجام دراوە ،بەپێی سەرچاوەکانی (زبدة التواریخ بایسنقری، حافیز ئەبرو(م833ک/1429ز) ، مجمل التواریخ ، فەسیحی خەوافی (م 845ک/1492ز) پتر دەکەوێتە سەردەمی تەیموری و کورەکانی،نووسراون. وێرای ئەوەی ئەوشارە رۆلێکی بەرچاوی لە ڕووداوەکان و یەکلاکردنەوە یاندا هەبووە، کەچی زۆر بە کەمی ناوی هاتووە. بۆیە بۆبەدەستهێنانی زانیاری،دەخوازێت توێژەر، زۆر بە وردی هەوڵبدات لەودەقانەدا زانیاری هە لێنجێت، کە باسی ئەوشارە و بەرەی هەولێریان کردووە.

لەبنەڕەتدا توێژینەوەکە پشتی بە و ژێدەر وسەرچاوە رەسەنانەی کە بە زمانی فارسی نووسراون، بەستووە، بەڵام بۆ شیکردنەوی پتری بابەت و ڕێگە خۆشکردن بۆ نووسین، سوود لە و سەرچاوانە ش وەرگیراوە کە بە زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراون. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی و هەر بەشەش لە چوار تەوەرە ،لە گەڵ ئەنجام و سەرچاوەکان، پێک هاتووە.

وشە گرنگەکان: هەولێر،ئیربل، قەرا یوسف، شا محمد ، کوشاف ،تورکمان.

## پێشەکی

شاری هەولێر وەکو یەکێک لە کۆنترین و دێرینترین شارەکانی جیهانی کۆن دادەنرێت، کە بەردەوام ژیانی تێدا بووە و ئەو تایبەتمەندییە ش بووەتە خاڵی جیا کەرەوەی ئەو شارە لە شارەکانی دیکەی جیهانی کۆن .

ئەو شارە بە چەندین قۆناغی مێژوویی تێپەڕ بووە ،هە ر لەبەرەبەیان و سەردەمانی هەرە کۆنی مێژووەوە تووشی چەندین داگیر کاری هاتووە، بەڵام هەمیشە خۆڕاگر بووە و کۆڵی نەداوە و بە زیندوویی ماوەتەوە و لە ناو نەچووە،لە هەر سەردەمێکدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دۆخی زەمانە ، بەڵام هەڵوێستە جوامێریانەکەی خەلکی ئەو شارە کە ئەوەش وەکو هۆکارێک بۆ مانەوەی ئەژمار دەکرێت، هە ر ئەوەش وایکردووە ، هۆلاکۆی مەغولی بەو ئاسانییەی شارەکانی دیکەی جیهان و هاوشانی دەخستە بن دەست و داگیری دەکرد، و چۆکی پێدا دەدان،بەڵام شاری هەولێر تارادەیەک توانی جیاواز لەناوچەکانی دیکە بەربەستێک لەبەردەم توندو تیژی و شاڵاوەکانی مەغۆل دابنێت و بەرگە بگرێت (فزل الله همدانی،1374 هـ ش: 716).
ئەو قۆناغەی توێژەر سەرچاوەکانی تێدا هەلبژاردووە،پتر دەکەونە دەورانی دەسەڵاتداری تەیموورییەکان،ئەلبەتە زۆربەی ولاتگر و دەسەلاتدارانی موسڵمان و سەردەمی ئیسلامی و ناوین ،چاویان بڕیبوە ئەو شارە ،بۆیە توێژەر لەو چوار چێوەیەدا دەیەوێت لەوە تێبگات کە کەسێکی وەکو خەوافی ،حافیزئەبرو لەو پەڕی رۆژهەلاتی ئێران لە سەدەی نۆیەم کۆچی /پازدەی زایینی،گرنگیان بە زانیارییەکانی ئەو شارە داوە، جێگەی ئاماژەیە تە یمووری گورکانی سەرەڕای ئەو باسانەی لە بارەیەوە دەکرێت لە توونڕو تیژی، کەچی خەڵکی رۆشنیر و نووسەر وهونەرمەند و مێژوونووسی لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە و مێژوونووسیش پەرەی سەندووە،داواکاری خەڵکی زانا لای ئەو وەردەگیرا، هەروەکو ئیبن خەلدون (808ک/ 1405ز مردووە) لە کتێبەکەی (المقدمة) دا ئاماژەی بە گفتوگۆ و دیداری دوورو درێژی خۆی دەکات لەگەڵ تەیمووری گورکانی (ابن خلدون،1385: 69،51 ). سەبارەت بە خەوافی گرنگی کتێبەکەی لەوەدایە، کە لە سنوورێکی دیاری کراو، دوور لە شاری هەولێر کە شاری هەراتە، بەڵام نووسەر زۆر بە وریاییەوە مامەلەی لەگەڵ ڕووداوەکانی شاری هەولێر کردووە، بەتایبەتی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خوارزمشاییەکان (596-628ک/1199-1230ز) و قەراقۆینلوییەکان (800-908ک/1397-1502ز) ،لەناویاندا قەرە یوسفی تورکمان کە لە (823ک/1420ز) مردووە، کوڕەکەی و نەوەکەی کە لەیەکێک لە قۆناغەکانی مێژووی ئەو سەردەم حوکمڕانییان کردووە، ئەوەی جێگای سەرنجە مێژوونووس سەبارەت بە شاری هەولێر تەنها جەختی لە لایەنی سیاسیی و کارگێری کردووە بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناچێتە ناو وردەکارییەکانەوە و لایەنی کۆمەلایەتی و ئابووری ئاوەدانی پشتگوێ خستووە، بێگومان ئەمەش خاڵی لاوازی نووسەر دەردەخات. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیت، کە بەکەمی سەیری ئەو نووسەرە بکرێت، چونکە هەندێک لایەنی شاراوەی ئەم شارەی خستۆتە بەرباس کە لەسەرچاوەکانی دیکە دا ئەگەر هەشبیت، ئەوا بەم وردییە بەرچاو ناکەوێت.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەر بەشێکیش چوار باس لەخۆ دەگرێت. سەبارەت بەبەشی یەکەم کە بریتییە لە ناساندنی حافیز ئەبرو و ڕێبازی تایبەتی و ناوهێنانی هەولێر لە کتێبەکەی (زبدة التواریخ)، لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر ژیننامەی ناوبراو بە وردی باس لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کراوە بەپشت بەستن بە سەرچاوە جۆراو جۆرەکان، هەرچی باسی دووەمە جەختکراوەتەوە سەر ژیانی زانستی و ئیداری و بەرهەمەکەی، سەبارەت بە باسی سێیەم لێتۆژ گرنگی داوە بە دەرخستنی ڕێبازی تایبەتی نووسەر لە نووسینی کتێبەکەی، لە کۆتایی بەشەکەشدا تیشک خراوەتە سەر لایەنەکانی مێژووی سیاسیی و کارگیریی شاری هەولێر لەسەرچاوەکەیدا. هاوکات لەبەشی دووەم کە بە ناوونیشانی " فەسیحی خەوافی و ڕێبازی تایبەتی و ناوهێنانی هەولێر لە کتێبەکەی (مجمل فـ×یحی)"، ئەویش دابەشکراوەتە سەر چوار باس، لەباسی یەکەمیدا تیشک خراوەتە سەر ژیننامەی ناوبراو کە بەوردی باس لە قۆناغە جیاوازاکانی ژیانی کراوە بەپشت بەستن بە سەرچاوە جۆراو جۆرەکان، هەرچی باسی دووەمە جەختکراوەتەوە سەر ژیانی زانستی و کارگێڕی و بەرهەمەکەی، سەبارەت بە باسی سێیەم توێژەر گرنگی داوە بە دەرخستنی ڕێبازی تایبەتی نووسەر لە نووسینی کتێبەکەی کە بریتیە لە پوختەکردنی بابەت و هێنانەوەی بە شێوازی ساڵنامەیی و بنەمای کورتکردنەوەی بە کار هێناوە، لە کۆتایی بەشەکەشدا تیشک خراوەتە سەر لایەنەکانی مێژووی سیاسیی و کارگێڕیی شاری هەولێر لەسەرچاوەکاندا کە شیوازەکەی زۆر جیاوازە لە میژوونوسەکەی پێش خۆی، لەم توێژینەوەدا بۆ نموونە تەنها باس لەڕووداوەکانی هاوسەردەمی خۆی ناکات، بەڵکو باس لە ڕووداو و پێشهاتەکانی شاری هەولێر بەر لەو چاخەی خۆی تێدا ژیاوە دەکات.

## 1- ناساندنی حافز ئەبرو و ڕێبازی تایبەتی و ناوهێنانی هەولێر لە کتێبەکەی ( زبدة التواریخ):

### 1-1- ناو و نازناو ولەدایک بوون و مردنی:

حافز ئەبرو، لە سەر چاوەکاندا بە چەند شێواز ناوی هاتووە ،شەهابەددین عەبدوڵڵا لوتفوڵڵا خەوافی، ( خوافی، 1386: 1119/3 ؛ مـ×احب،1345: 1/ 827)، خۆی لە زەیلی زەفەر نامە ی شامیدا بە عەبدو للە کوڕی لوتف اللە عەبد ئەلڕەشیدی نووسیووە، (شامی، 1366: 9) یەکێکە لەو مێژوو نووسە ئێرانیانەی کەوا لە نووسینەکانیدا باسی شاری هەولێری کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەبارەت بەساڵی لەدایک بوونی ،ناوبراو هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەر دەست دا نییە و لەسەرچاوەکانی هاوسەردەمی خۆی و دواتر و لێکۆڵینەوەکانیشدا ئاماژە بە ساڵی لەدایک بوونی ناوبراو نەکراوە، جگە لەوەی خۆشی ئاماژەی بە ساڵی لەدایک بوونی خۆی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ناوبراو لە ساڵی (833 ک / 1429 ز) لەشاری "زە نجان" ی باکووری ئێران کۆچی دوایی کردووە ( سمرقندی، 1372: 76 – 77).

لەم بارەیەوە مێژوو نووس (سەمەرقەندی) کە مێژوو نووسێکی هاوچەرخی حافز ئەبرو و شاهرۆخ میرزای تەیموری[1] (807 – 850 ک / 1404 – 1446 ز) بووە، پێی وایە ڕووداوەکانی سەردەمی شاهرۆخ میرزا لە ساڵی 830 ک / 1026ز کۆتایی پێ هاتووە، کەواتە کتێبەکەی حافز ئەبروش لەو ساڵەدا کۆتایی پێ دێت (سمرقندی، 1372: 396).

سەبارەت بە شوێنی لە دایک بوونی بەهەمان شێوە ڕاو بۆ چوونی جیاواز هەیە کە هەندێک لە مێژوونوسانی ڕۆژئاوایی پێیان وایە کەوا حافز ئەبرو لە گوندی "خەواف" کە گوندێکی بچووکە وکەوتۆتە، ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێرانی ئەو سەردەم و ئەفغانستانی ئێستا لەدایک بووە، بەڵام مێژوو نووسە ئێرانییەکان پێیان وایە ناوبراو لە شاری هەراتی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە دایک بووە . کە ناوەندی دەسەلاتی تەیمورییەکان بووە، لەم بارەیەوە مێژوو نووس (اشپولر) پێی وایە کەوا ڕاستە کە حافز ئەبرو لە بنەڕەتدا لە گوندی "خەواف" لەدایک بووە، بەڵام مێژوو نووسە ئێرانییەکان بەهۆی ناوداری شاری هەرات لەو سەردە مدا، پێیان جێگای شەرمەزاری بووە، مێژوو نووسێکی ئەوها گەورەو بە ناوبانگی ئێرانی زێدی لەدایک بوونی بگەڕێننەوە بۆ گوندێکی بچووک و بێ ناوونیشان (خواندمیر،133 هـ ش: 3/ 8؛ اشپولر، 1380 هـ ش: 138).

علی اکبر دهخدا لە فەرهەنگنامەی دێهخودا دا باس لەوە دەکات پاشگری ناوی "ئەبرو[2]" ناگەڕێتەوە بۆ گوندی ئەبرو، کە دەکەوێتە وڵاتی ئەفغانستانی ئێستا، بەڵکو بەهۆی ئەوەی سەرو سیماو برۆیەکی جوانی هەبووە، بۆیە نازناوی ئەبرۆیان پێی داوە

(دهخدا، 1377 هـ ش : 6/ 8523).

لەبارەی نازناوی "حافز" و زۆرێک لە مێژوونووسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەوا حافز ئەبرو یەکێک بووە لە زانا بە تواناکانی سەردەمی خۆی لە بواری زانستە ئایینیەکان، بەهۆی ئەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ژمارەیەکی زۆر لە گێڕانەوەکانی پێغەمبەر (د. خ) لەبەر بووە، بۆیەنازناوی حافزیان پێی داوە (دهخدا، 1377 هـ ش: 6/ 8523).

### 1-2-ژیانی زانستی و کارگێری و بەرهەمەکانی:

سەبارەت بە ژیانی منداڵی حافز ئەبرو لە سەرچاوە مێژووییەکاندا زانیاریەکی ئەوتۆمان لەبەر دەستدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت هەر لە منداڵییەوە لە شاری هەرات چۆتە بەر خوێندنی ئایینی لەلایەن زانا بەناوبانگەکانی ئەو شارە خوێندوویەتی، پاشان بە مەبەستی دەستخستنی زیاتری زانست و زانیاری بە شارەکانی ئێرانی ئەو سەردەمدا گەڕاوەو سەرەنجام خوێندنی ئایینی لەشاری هەمەدان ،کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێستای وڵاتی ئێران تەواوکردووەو بۆتە یەکێک لە زاناو مێژوونووسە بە تواناو ناودارەکانی سەردەمی خۆی

( حافێ ابرو، 1372 هـ ش : 1/ 13؛ اشپولر، 1380: 138).

حافز ئەبرو لە شاری هەمەدان کە مەڵبەندی زانست و زانیاری بیرمەندانی بەناوبانگ بووە پێگەیشتووە، شارەزاییەکی باشی لەپاڵ زانستە ئایینیەکان لە بوارەکانی مێژوو و جوگرافیا هەبووە، چەندین بەرهەمی لە بارەی مێژوودا نووسیووە، لەوانە (زبدة التواریخ، ێفرنامە ذێام الدین شامی، ذیل جامع التواریخ رشیدی، تاریخ ال مزفر ، تاریخ ملوک کرت، پادشایی (ێغا تیموور) و پادشاهی امیر ولی، تاریخ امیر ارغونشاه، تاریخ شاهرخ میرزا، تاریخ حێرت ساحبقرانی، تاریخ امرای سربداریه، ( حافێ ابرو، 1372 هـ ش : 15 ؛ بارتولد، 1366 هـ ش : 146).

حافز ئەبرو بەهۆی ئەوەی یەکێک بووە لە بە تواناترین پەخشان نووسەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی و دەربڕینەروون و ڕەوانەکانی لە بواری نووسیندا کاریگەریی دەبێت لەسەر گەیشتنی ناو و ناوبانگی بۆ دەرباری تەیمووری لەنگ (بیات، 1383 هـ ش: 154). ئەم توانایەی ناوبراو دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی تەیمووری لەنگ لەتەمەنی 25 ساڵیدا بانگی بکاتە لای خۆی و لەڕیزی نووسەرەکانی دەرباردا دایبمەزرێنێت، هاوکات حافز ئەبرو دەستێکی باڵای لەیاری شەترەنج هەبووە و یاریزانێکی بەتوانای ئەویاریە بووە، ئەمە وایکردووە لەساڵی (780ک/ 1380ز) زیاتر لە زاناو نوسەرەکانی سەردەمی خۆی بکەوێتە بەردڵی تەیموور و لەهەموویان زیاتر لە تەیمووری لەنگ نزیک بیت، بەهۆی ئەوەی پادشای تەیموریەکان خولیایەکی زۆری

بۆیاری شەترەنج هەبووە ( سمرقندی ، 1372 هـ ش : 577؛اشپولر و ئەوانی تر، 1380 هـ ش : 138 ).یاری کردنی تەیمووری لەنگ لەگەڵ حافز ئەبرو بەڵگەیە لە سەر پەیوەندی نزیکی نێوانیان، چونکە کارێکی سروشتی نیە شایەک لەگەڵ نووسەرەکەیدا بەیەکەوە دابنیشن و یاری شەترەنج بکەن، ئەگەر پەیوەندیەکیی نزیک لە نێوانیاندا نەبێت لەم بارەیەوە ناوبراو خۆشی ئاماژەی بەو ڕاستیە داوە کەوا وەکوو نووسەرێکی دەربار لەخزمەتی بنەماڵەی تەیمووری دابووە ( حافظ ابرو، 1372 هـ ش : 1/ 14 ).

زۆربەی مێژوو نووسان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا حافز ئەبرو تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی (833 ک / 1429 ز ) (خوافی، 1386: 1119)، لەخزمەتی تەیمووری لەنگ و شاهرۆخی کوڕی کاری کردووە و بەشداری لەسەرجەم هێرشە سەربازیەکانی تەیموور و شاهرۆخ میرزا دا کردووە، کە بۆ سەر نەیارەکانیان ئەنجامیانداوە، لە دیارترین ئەو هەڵمەتە سەربازیانەش هەڵمەتی (سێ ساڵە 788 – 790 ک / 1388 – 1390ز ) [3]و هەڵمەتی پێنج ساڵە ( 794 – 798 ک / 1391 – 1395 ز [4])و هەڵمەتی حەوت ساڵە802 – 807 ک/ 1399- 140 [5]) یە وەکوو نووسەرو مێژوو نووسی تەیمووری بەشداری ئەو فراوان خوازیانەی کردووە ( اشپولر، 1380: 138؛ مصاحب، 1384 هـ ش : 2/ 827 ).

## 1-3- ڕێبازی تایبەتی لە نووسینی کتێبەکەی زبدةالتواریخ:

حافز ئەبرو یەکێک لە مێژوو نووسانی سەردەمی تەیمووری ئەژمار دەکرێت لە کۆتایی سەدەی چواردە و سەرەتای سەدەی پازدەیەمی زایینی، کە نووسینەکانی گرنگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهۆی ئەوەی ناوبراو خۆی لەناو ڕووداوە زۆر و جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمدا ژیاوە و بەچاوی خۆی بینیوویەتی، بەتایبەتی بەشداری لە شەڕو هەڵمەتەکانی بنەماڵەی تەیموورییەکان کردووە، لە نزیکەوە بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی بینیوە و لەیاداشتەکانی خۆیدا تۆماری کردووە (الرفاع، دون سنە الطبع: 222 – 223).

نووسینەکانی حافز ئەبرو زیاتر بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە و تێگەیشتن لێی کارێکی ئاسانە، زانیاری زۆری لەبوارەکانی مێژوو و کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافیا بابەتی جۆراو جۆری نووسیوە، کە دیارترین کتێبەکانی ( زبدة التواریخ بایسنقرییە)، ئەم کتێبەی لەسەر داوای شاهروخ میرزا (850ک/1446ز) مردووە، لەبارەی مێژووی موسڵمانان نوسیووە، لەم کتێبەدا کە دانەیەکی لە شاری ئەستەنبۆڵە بە ژمارەی (38) باسی لە ژیانی تەیموور کردووە لە لەدایک بوونیەوە تا مردنی و لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی شاهرۆخی کوڕە کەی، ( بارتولد ، 1366 هـ ش: 147/1؛ بیات، 1380 هـ ش: 155؛ الرفاع، المصدر نفسه: 222- 223).

جگە لەوەی ناوبراو لە نووسینەکانیدا لە بارەی مێژووی کەسایەتییەکان سوودی لەڕێبازی نووسینی مێژوو نووسانی پێش خۆی وەرگرتووە، بەتایبەتی لە نووسینی ئەو کتێبەی کە لەلای سەرەوە ئاماژەمان پێیداوە، بە تایبەتی مونتەخەب تەواریخی موعینی، هەروەها مێژوو نووسانی دوای ئەویش بە هەمان شێوە سوودیان لە نووسینەکانی ناوبراو وەرگرتووە و بوەتە سەرچاوەی زۆرێک لە کتێبەکانی دیکە ش، (بارتولد، 1366 هـ ش :1/ 146؛ اشپولر،1380، 142 ). بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کەوا مێژوو نووسی ناوبراو سەرباری ئەوەی لە نووسینەکانیدا سوودی لەڕێبازی نووسینی مێژوو

نووسانی پێش خۆی وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ڕێچکەیەکی نووسینی تایبەت بە خۆی بووە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی مێژوو نووسانی دوای ئەو لە نووسینە کانیاندا لاسایی ئەویان کردۆتەوە.

لە ڕاستیدا حافز ئەبرو بە یەکێک لە بەر جەستەترین مێژوو نووسانی دەورەی تەیمووری ئەژمار دەکرێت، کە توانی تەیموور هاوتا بە ئایەندەگان بناسێنێ.

## 1-4- چۆنیەتی باسکردنی مێژووی سیاسیی و کارگێریی هەولێر (ئیربل) لەم سەرچاوەدا :

لەڕاستیدا مێژوو نووس حافز ئەبرو کاتێک دێتە سەرباسی شاری هەولێر، باس لەڕووداوی ململانێی نێوان قەراقۆینلوەکان [6]و جەلائیرییەکان[7] دەکات، بەتایبەتی کاتێک یەکێک لە کوڕەکانی سوڵتان ئەحمەدی جەلایری بە ناوی عەلآ ئودەولە کوڕی سوڵتان ئەحمەد ، لە دەسەڵاتی باوکی هەڵدەگەڕێتەوە بەڕێگای هەولێر بەرەو تەورێز دەچێت،بەڵام دەکەوێتە دەستی سوڵتان قەرایوسفی قەرە قۆینلو، سەرەتا ئەو لەلای خۆی دەهێڵێتەوەو دەست بە سەری دەکات، بەڵام دواتر ئازادی دەکات پاشان لەلایەن کوردەکان دەست بەسەر دەکرێت و دەیبەنە لای فەرمانڕەواکەیان، ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ قەرا قۆینلوەکان هەبووە، لەسەر داوای قەرایوسف ڕێزێکی زۆری لێدەگرێت و پاشان ئازادی دەکات ( حافظ ابرو، 1372 ش، ×:1/ 295 ).

دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان قەرا قۆینلوەکان و جەلائیرییەکان، واتە قەرەیوسف و سوڵتان ئەحمەد کە لە ساڵی (813ک/1410ز) شەڕ لە نێوانیان دەستی پێکرد، ( خوافی، 1386: 3/ 1055 ). هاوکات بارودۆخی کوڕەکانی سوڵتان ئەحمەدی جەلآئیری کە هەر ڕۆژە و کەسێکیان دەکرد بە فەرمانڕەوا بەسەر شارەکەدا، بێگومان ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبوو لە سەر تێکچوونی بارو دۆخی سیاسیی وئابووری و کۆمەڵایەتی شارەکە وای لە قەرە یوسف کرد سود لە دەرفەتەکە وەربگرێت و دەست بە سەر تەورێز دا بگرێت (حافظ ابرو، 1372 هـ ش: 404، 447).

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، قەرایوسفی قەرا قۆینلو هێشتا خۆی لەژیان دامابوو وازی لەدەسەڵاتەکەی هێنا بۆ کوڕەکەی بەناوی شامحەمەد لە (836ک/1433ز) کوژرا، لەشوێنی خۆی کردی بە فەرمانڕەوا بەسەر میرنشینەکەی، (عبدالله×یف قزوینی،1314هـ ش: 211).کە لە ڕاستیدا کارێکی دەگمەنە کەسێک خۆی لە ژیاندا مابێت دەسەڵاتی بە کوڕەکەی بسپێرێت.

شا محەمەد کوڕی قەرەیوسف ، ماوەیەک حوکمڕاني شاری واسیت بوو ، کە ئێستا شارێکە لە عێراق دەکەوێتە نێوان بەسرە و کوفە (زین الدین قزوینی، 1396 هـ ش: 75؛ شمس الدین سامی ، 2008: 335) بەهۆی ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی بێ سەروبەری شاری بەغدا بوو، بۆیە هەوڵیدا دەست بەسەر شارەکە دابگرێت، کە ئەوکات بارەگای هێزو فەرماندەیی قەراقۆینلوەکان لە شاری هەولێر بوو،پێدە چێت لەوێوە چاودێری دۆخی شاری بەغدایان کردبێت، هاوکات شا محەمەد کوڕی قەرەیوسف سوور بوو لەسەر گرتنی شاری بەغدا، بۆیە دۆخی نالەباری بەغدای بەدەرفەت زانی بۆ گرتنی شارەکە، بەمەش هێزێکی ئامادەکرد بەڕێکەوت بۆ گرتنی شارەکە و سەر ئەنجام توانی لە ساڵی (817 ک / 1414ز) دست بەسەر شارەکەدا بگرێت و کردی بە بەشێک لە سنوری فەرمانڕەواییەکەی، پاشان سوڵتان محەمەدی کوڕی قەرەیوسف قەرا قۆینلو یەکێک لە کوڕەکانی خۆی واتە شاعەلی کوڕی شا محەمەد لەگەڵ میر حەسەن ئاغا کە ئەتابیکی شا محەمەد بوو کرد بە

فەرمانڕەوا بەسەر شاری هەولێر (حافظ ابرو، 1372 هـ ش: 404، 447)، هەروەکو دواتریش میرزا عەلی کە برازای (قەرەیوسف) بوو کرابە حوکمڕانی هە و لێر.

دەتوانین بڵێین دانانی یەکێک لە کوڕەکانی قەرە یوسف واتە شا محەممەدی قەرا قۆینلو و ڕاوێژکارە نزیکەکانی بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی کردنی شاری هەولێر، گرنگی و بایەخی پێگەی زیاتری شاری هەولێرمان بۆ دەردەخات بە تایبەت بۆ قەراقۆینلوەکان، لەڕووی سیاسیی و ئابووری کۆمەڵایەتییەوە، بەجۆرێک سوڵتان کوڕی خۆی وەکوو کاربەدەستی یەکەمی ئەوشارە داناوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەگەر ئەو شارە بایەخێکی ئەوتۆی بۆ قەرا قۆینلوەکان نەبوایە سوڵتان قەرە یوسف ئامادە نەدەبوو کوڕێکی خۆی لێ دابنێت.

## 2- فەسیحی خەوافی و ڕێبازی تایبەتی وناوهێنانی هەولێر لە کتێبەکە (مجمل فصیحی):

### 1-2- ژیانی و ناو ڕەچەڵەک و لە دایک بوون و مردنی:

فەسیح خەوافی (فصیح الخوافی) کە بە یە کێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی /پازدەمی زایینی ئەژمار دە کرێت، یەکێکە لە مێژوو نووسە ناودارو باوەڕ پێکراوەکانی سەردەمی تەیموورىی، لە بارەی ناوی دیارە لە سەر چاوەکاندا بە شێوازی جۆراو جۆر نووسراوە، بەڵام لە پێشەکی کتێبە ساغکراوەکەیدا، بەو شێوەیە هاتووە، ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی یەحیا ناسراو بە فصیح خوافی ( خوافی ، 1386هـ.ش: 2/ 937 ؛ بیات، 1370: 196) .

سە بارەت بە ساڵ و شوێنی لە دایک بوونیشی کۆ دەنگییەکی وا نییە، خۆی ساڵی (777ک/ 1375ز) نووسیوە، لە شاری هەرات [8]هاتووە تە دنیاوە ( خوافی، 1386: 3/ 973)، لە بارە ی ڕەچەڵەکی خۆیەوە لە ژێر ڕووداوی ساڵی 777ک/ 1375ز) وای نووسیوویە : "لە دایک بوونی بەندە فصیح الخوافی احمد بن جلال الدین محەمەد بن نصر الدین یحیی بن علاءالدین." ( خوافی،1386: هـ ش 2/ 973)، باوکی ناوی (جلال الدین محمد)، کە ساڵی ( 796ک/ 1393ز) لە هەمان شاری هیرات مردوو(خوافی، 1386: 3/ 1130) ، لە بارەی مردنیشی رای جیاواز هەیە وەکو لەپێشەکی کتێبی تاریخ نامەی هراتدا هاتووە، نووسیویەتی کەوا خەوافی لە ساڵی 849ک/ 1445ز) مردووە (الهروی 1352 هـ ش : 10، 39؛ براون،1381 هـ ش: 255)،کە پێدەچێت ئەو ساڵە هەلە بێت، ساڵی ( 845یا 849ک/ 1441- 1445ز) نزیک بێت لە ڕاستی، چونکە دوایین ڕووداو کە لە کتێبەکەیدا هێناویەتی هەمان ساڵی ( 845ک/ 1441ز) بووە ، ( خوافی، 1386 هـ ش : 1/ 53 ؛ اشپولر، 1380: 154).

### 2-2- ژیانی زانستی و ئیداری و بەرهەمەکانی:

سەبارەت بە ژیانی زانستی ناوبراو سەرەتا لە شاری هە رات خوێندوویەتی وگەشەی کردووە ( مصاحب، 1383 هـ ش :2/1905؛ بیات، 1370: 196)، لەکاروباری حوکمڕانیدا پلەو پایەی باڵای وەرگرتووە،لە تەمەنی سی ساڵیدا پەیوەندی بە (میرزا شارۆخ بایسنقر میرزا گورکانی) کردووە لە ساڵی ( 807ک/1404ز ) بووەتە جێگای تێرامانی ناوبراو، لە گەورە پیاوانی حوکومەتەکەی و بەر پرسی دارایی و خەزێنەی دەولەتەکەی، ( اشپولر، 1380: 154)، بە کەسێکی لێهاتوو

دووربین سەیری کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش لەو ماوەیەدا خزمەتێکی بەرچاوی ئەنجام داوە و زۆر بابەتی کارگێری و دارایی بۆ ئاشکرا کردووە،راپۆرتێکی تێرو تەسەلی داوەتە سەرووی خۆی، پێدەچێت لە یەکەمین ئەرکی کارگێریدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێنابێت ( خوافی، 1386 هـ ش : 1/ 53).

سالێک دواتر لە ( 808ک/1405ز)بە فەرمانی شاهرۆخ میرزای تەیمووری رەوانەی شاری سەمەرقەند [9] کراوە، لە دوای هاتنە سەر کاری میرسەید عەلی تەرخان لەساڵی (817ک/1414ز) لە شاری شیراز، خەوافی وەکو هاوکار کاروبارەکانی راپەڕاندووە، بەڵام جارێکی دیکە (میرزا شارۆخ) لە ساڵی (825ک/1422ز) داوای دەکاتەوە، بۆ راپەڕاندنی ئەرکە کارگێرییەکان لە هەرات بەمەبەستی راپەراندنی کاروبارەکانی دیوانی دەربار لە هەرات، سێ ساڵ دواتر پایەی سەرۆکی دیوانی بایسنقرێ دەدرێت لەم پۆستە بەردەوام نابیت و لەسالی (836ک/1433ز)( همان، ج1، × 53).

هەرچەندە لە ماوەی کارکردنیدا رووبەرووی چەندین ئاستەنگ هاتووە و بە ئاسانی بەسەریدا تێنەپەریووە،وەکو خۆی لە کاتی باسکردنی رووداوەکانی ساڵی ( 844ک/ 1440ز) ئاماژە بەوە دەکات،کە بە فەرمانی گەوهەرشادئاغا زیندانی کراوە و پاشان ئازاریش دراوە، پێدەچێت ئەم بەندکردنە زیاتر بگەرێتەوە بۆ گەوهەرشاد ئاغا خۆی کە ئارەزووی بە کەسایەتی و پلەو پایەی خەوافی نەبووە (بیات، 1383 هـ ش : 119)، هەروەک بە روونی لە نووسینەکانی خۆی بەدیار دەکەوێت کە ناکۆکی لەگەڵ دەرباری تەیمووری هەبووە کە هەندێکیان بە هۆی ئیرەییان هەوڵیانداوە پلە و پایەی کەم بکەنەوە،لەبەرامبەر بنەماڵەی تەیمووری. هەروەها سالێک دواتر جاریکی دیکەش هەر بە فەرمانی ناوبراو لە خانووی کەسێک بە ناوی ئەمیر بیک دەست بەسەرکراوە (خوافی،1386 :1146/3).

لەو کاتە بەدواوە خۆی بە دانانی کتێبێک خەریک کردووە، کە دواترئەو بەرهەمەی لێ کەوتەوە، کە بە (پوختەی فەسیحی-مجمل ف×یحی)، ناوبانگ دەردەکات. جگە لەوانە دیارە چەند جارێکی دیکەش کەوتۆتە بەر رق و کینەی حوکمڕانە کانی هاوسەردەمی خۆی و کار گەیشتۆتە بەندکردنیشی دواجار لە ساڵی (845ک/ 1441ز) خراوەتەوە بەندیخانە لە هەمان ساڵیشدا مردووە. لە بەرهەمە بە ناو بانگەکانی دەتوانین ئاماژە بە (مجمل ف×یحی) بکەین لە سێ بەرگدا، کە مێژوویێکی ئیسلامی گشتییە بە شێوەی ساڵنامەیی لە پەیدا بوونی ئادەم تارۆژگاری خۆی نووسیوە،( م×احب، 1383، ج2، × 1905؛ اشپولر، 1380: 154) .جیا لەوانە دیارە هەستی شیعریشی هەبووە و دیوانی شیعری هە بووە، (خوافی،1386: پەنجاو پینج ).

### 2-3- رێبازی تایبەتی لە نووسینی کتێبەکەی مجمل ف×یحی :

سەبارەت بە بۆچوونی شیکەرەوەی سەرچاوەی(موجمەلی فەسیحی) وای بۆ دەچێت کەوا بەشی زۆری مێژووی رووداوەکانی تایبەت بە جەنگ و مردن و کارەساتە سروشتییەکان و شاڵاوە سەربازییەکان بەوردی دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر، بە شێوەیەک نووسەر رووداوەکانی رازاندۆتەوە بەزاراوەی ئەدەبی بەر فراوان، کە لەم نێوەندەدا فەسیحی رووداوەکانی بە پوختی و کەمترین وشەو زاراوەی سادە وشێوازی ساڵنامەیی ئاماژەی بە رووداوەکانی هەر سالێک کردووە ( خوافی، 1386: پەنجاو وشش ؛ بیات، 1370: 196) .

لەم رووەوە هەروەک نووسەر خۆی بە راشکاوانە باس لە پوختەکـــــــەی خۆی دەکات و دەلێت" ئەم پوختەیە مێژوونووسان و ئەوانەی گرنگی بە مێژوو دەدەن سوودی زۆریان پێ دەگەیەنێت، چونکە هەر کاتێک بخوازن رووداوێکی مێژووی یاخود هەوالێک تایبەت بەو سەردەمە زۆر بەئاسانی دەتوانن ئامانجەکانیان لەم پوختەیە بپێکن" (خوافی،1386: 1/ 6). لەبەر ئەوەی رووداوە مێژووییەکانی زۆر بە ئاسانی بە پێی ساڵنامە خستۆتە روو.

دیارە خەوافی هەر لەسەردەمی بایسنقر بهادرخان بە هۆی ململانێیە نێوخۆییەکان لە کاروباری کارگێری پەراوێز دەخرێت کە لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە، بەڵام مردنی بایسنقر(837ک/ 1433ز) زیاتر بارودۆخی ناوبراوی خستە مەترسییەوە چونکە بێ پشتیوان دەمێنێتەوە و کەسێک شک نابات پاڵپشتی بکات(خوافی ، 1386: پەنجاو هفت)، بۆیە بڕیار دەدات بەدەر لەکاروباری کارگێڕی گرنگی ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ نووسینی کتێبێک لەسەر روودا و پێشهاتە مێژووییەکان هەر لەسەردەمی دروست بوونی مرۆڤایەتی تا ئەو کاتەی خۆی تێیدا ژیاوە بنووسێت بە شێوازی نووسینی ساڵنامە کە رووداوی هەر ساڵێکی بەرێز بەندی و لەدوای یەک هێناوە، ئەوەی جیگای هەلوەستە کردنە ئەوەیە کەناوبراو کاتێک باس لە مردنی هەر کەسایەتییەک دەکات ئەوە دەردەخات کە شاری هەرات مەڵبەندی زانای بێ شومار بووە ( براون ، 1381هـ. ش: 2/250).

شیاوی باسکردنە و ئەوەی جێگای سەرنجە لە نووسینەکانی خەوافی زیاترخۆی لە باسکردنی رووداوە مێژووییەکان دوور دەگرێت لە ئاماژە کردن بەناوی ئەو سەرچاوانەی کە زانیارەکانی لێوەرگرتوون،هەروەها هەر کاتێک لە باسکردنی رووداوێکی مێژوویی بگاتە بنبەست، راستەوخۆ ئاماژە بە زاراوەی ( الی یومنا هذا – تارۆژی ئەمرۆکەمان) دەکات، هەرچەندە هەندێک لە مێژووناسان ئەو بابەتەی دەخەنە تەرازووی رەخنەکانیان، بەڵام خەوافی زۆر وریایانە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت" ئەگەر ئەو پوختییە لە نووسینی رووداوەکان ئاماژە بە بەڵگە بکات ئەو لە مەبەستی سەرەکی دوور دەکەوێتەوە، چونکە رێبازی نووسیی ساڵنامە دەبێت کورت و پوخت بێت( خوافی، 1386: 1/6).

دەکرێت بڵێین ئەم شێوازە لەنووسینی رووداوە مێژووییەکان دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی بۆچوونی جیاواز، چونکە زۆر جار لەبەر کورتی رووداوەکان لەوانەیە خوێنەر نەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بەتەواوەتی درک بە راستییە مێژووییەکان بکات، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی باوەرپێکراو لە نووسنی رووداوەکاندا زۆرجار لە باسکردنی رووداوەکان تووشی هەڵە دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرەکە خۆی، رەنگە لەکاتی خۆیدا زۆر رووداو هەبووە، بەڵام لەبەر نەگونجانی بارودۆخ نەیتوانیوە پەی پێبباو و لە پوختەکەی ئاماژەی پێبکات.

شێوازی دارشتنی پوختەکەی خەوافی کە پێکهاتووە لە پێشەکی و دوو وتار و کۆتایی. سەبارەت بە پێشەکییەکەی باس لە دابەزینی حەزرەتی ئادەم تاکو لە دایک بوونی پێغەمبەر محەمەد(د.خ) کە بەساڵی فیل ناسراوە دەکات، هەرچی تایبەتە بە وتاری یەکەمی پوختەکەی تیشک دەخاتە سەر لە دایک بوونی پێغەمبەر تاکو کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە، لە وتاری دووەمدا خەوافی باس لەرووداوەکانی دوای کۆچکردنی پێغەمبەر تاکو رۆژگاری خۆی(845ک/ 1441ز)دەکات، لە کۆتایدا بە وردی باس لە شاری هەرات دەکات بە هەموو رووداوەکان کە لەو ماوە مێژووییە دا بەسەر ئەو شارەدا هاتووە، و شوێنی لە دایک بوونی خۆیەتی( خوافی، 1386: 1 /7).

رەنگە بتوانین بلیێن گرنگترین بەشی کتێبەکە بریتی بێت لەو بەشەی کە نووسەر خۆی هاودەمی رووداوەکان بووە، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بایسنقر، هەروەها شاهروخ، بەتایبەتیش گرنگترین رووداوەکانی کەلان شاری هەرات کە بێ وێنەیە و لە دەقەکانی دیکەی ئەو ماوەیە بەدی ناکرێت. ئەوەی خەوافی پێ جیا دەکرێتەوە لە مێژوونوسانی دیکە لەو ماوە مێژووییەدا خستنەڕووی ئەو رووداوانەیە کە ناوبراو زۆر بە وردی رووداوەکانی خستۆتە روو بەشێوەیەک لە هەر رووداوێکدا گرنگی بە رۆژ و مانگ و ساڵەکەی داوە تاکو هەواڵە میژووییەکە بەشێوازێکی ڕاستگۆییانە پێشکەش بکات(خوافی ،1386: × پەنجاو نو).

## 4-2 چۆنیەتی باسکردن و ناو هێنانی هەولێر بە گشتی لە (مجمل فـ×یحی):

سەبارەت بە پوختەکەی خەوافی و ناوهێنانی شاری هەولێر زۆر بە روونی دەردەکەوێت، ناوبراو سەرەرای دووری شوێنی جوگرافی، بەڵام زۆر لێهاتووانە باس لە شاری هەولێر دەکات،بەتایبەت لەسەردەمی هێرشی مەغۆلەکان و هاتنی سوڵتان جەلالەددین منکبرنی [10] بۆ ناوچەکەو هەندێک لە حوکومڕانەکانی ئەو شارە، ئەوەی جێگای بایەخدانە لەو سەرچاوەیە، ناوبراو چەندین جار ناوی هەولێر(اربیل[11]) دەهێنیت ،بەلام ئەوەی گرنگە و پێی جیا دەکرێتەوە بریتییە لە ناوهێنانی شارەکەبە (ئوڕیلْ- اوریل) کە دووەمین سەرچاوەی رەسەنە لەدوای کاشانی(738ک/ 1337ز) لە کتێبی ( تاریخ اولجایتو) بەم شێوەیە ناوی هەولێر هاتبێت.

خەوافی لەپوختەکەیدا زۆر بەروونی ئاماژە بەناوهێنانی شاری هەولێر لەکاتی هاتنی سوڵتان جەلالەددین منکبرنی بۆ ناوچەکە دەکات لە رووداوەکانی ساڵی (621ک/ 1224ز)، کە ناوبراو بە نیازی رۆیشتن بۆ شاری بەغدا دەبێت بەمەبەستی بینینی خەلیفەی عەباسی ناسرالدین الله (622ک/ 1225ز)، بەڵام خەلیفە ئامادە نەبوو چاوی پێبکەوێت بەهۆی ئەو رک وکینەی کە لە باوکی هەیبوو، بۆیە  سەرداری سوپای خۆی(قەشتەمەر [12]) راسپارد بۆ شەڕکردن لەدژی فەرمانڕەوای خوارزمی، هەرچەندە سولتانی خوارزمی لێی پاڕایەوە کەئەو بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی پاڵپشتیکردن لە خەلیفە هاتووە، بەڵام پۆزشەکانی هیچ سوودی پێ نەگەیاند و شەڕ لەنێوانیاندا لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بوو، هەرچەندە بەر لەدەستپێکردنی شەڕەکە خەلیفەی عەباسی داوای لە فەرمانڕەوایی هەولێر موزەفەردین کوکبوری(583ک-630ک/1187ز-1232ز)کردبوو کە هاوکاری سەربازی پێشکەش بەسەرلەشکرەکەی بکات، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە فەرمانڕەوای هەولێر راستەوخۆ فەرمانی خەلیفە جێبەجێ دەکات وبۆسە بۆ خوارزمییەکان دادە نێتەوە، پاش رووبەڕووبونەوەی هەردوو هێز لە ئەنجامدا سەرداری خەلیفە پاش شکستخواردنی سوپای خەلیفە و کوژرانی سەرلەشکرەکەی بە ناچاری هێزەکە پاشەکشەی کرد بە رەو شاری بەغدا،( شیرازی، 1362: 338) ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە ئاگاداربوونی سولتانی خوارزمی بە بۆسەو پیلانی فەرمانڕەوای هەولێر، بەر لەوەی بکەوێتە ناو بۆسەکە ئەو توانی هێرشی پێچەوانە ئەنجام بدات و فەرمانرەوای هەولێر دەست بەسەر بکات، بۆ ئەم مەبەستە خەوافی باس لەوە دەکات کە فەرمانرەوای هەولێر داوای لێخۆشبوون لە سولتانی خوارزمی دەکات و زۆریش لێی دەپاڕێتەوە کە ئازادی بکات لەبەرامبەردا سولتان چاوپۆشی لە پەلاماردانەکەی کردووەو پاشگەز بووە ( خوافی، 1386هـ.ش: 2/776).

دەکرێت بلێین خەوافی تاکە نووسەر بێت بەم شێوەیە ئەو رووداوەی باس کردبێت، نەسەوی (639ک/ 1282ز) مردووە لە کتێبەکەی لە بارەی ئاکارو ڕەوشتی سوڵتان جەلالەدین خوارەزمشا ناسراو بە (منکبرنی) نووسیووە بەو شێوەیە باس ناکات، کە هەرچەند لە سەرچاوەکانی دیکە شدا بە شێوازی دیکە باس کراوە، کە بەهیچ شێوە یەک باس لە بێ دەرەتانی و زەلیلی فەرمانڕەوای هەولێر نەکراوە، لە دیوێکی دیکەی بابەتەکە رەنگە مەبەستی سولتانی خوارزم لەو لێخۆشبوونە زیاتر بگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ فەرمانڕەوای هەولێر لە داهاتوودا، کە رۆژگار ئەوەی سەلماند کە سوڵتانی خوارەزمی پێویستی بە  فەرمانڕەوای هەولێر پەیدا کردووە.

لەبارەی کوشتنی سوڵتان جەلالەددین منکبرنی خەوافی ئاماژە بەوە دەکات لە سالی(628ک/ 1231ز) هەواڵ بە لەشکری مەغۆل گەیشت کە سولتانی خوارزمی لە نزیک  شارەکانی ئورومیە [13]و شنۆ [14] ئوردووی هەڵداوە، ئەوانیش "چورماغونویان" و میر تایماسبە لەشکرێکی گەورە ی ناردە سەر سوڵتان جەلالەددین کە سەرخۆش و بێ ئاگاو خەوتبوو، کاتێک  بەسەریان دادا، بۆیە تەنیا توانی خۆی رزگار بکات، گوایە بە نیاز بووە پەنا بباتە بەر سوڵتان موزەفەرەددین لەهەولێر،( نسوی ، 1385: 278؛ حمد الله مستوفی ، 1362: 500)،بەڵام لەرێگادا لەناوەڕاستی مانگی شەوالدا کوردەکان دەیکوژن [15]،هەر چەندە هەندێک سەرچاوەی دیکە باس لە کوشتنی ناکەن ، تەنیا ئاماژەییان بەوە داوە کە دوای ئەو سالە دەولەتی خوارەزمی کۆتایی پێ هات و جەلالە دین دوای ئەو شەڕە لە گەڵ مەغۆڵ ون بووە، (نسوی ، 1385:

279؛فضل اللة همدانی،1374،:467؛ حاج خلیفه، 1384: 116)،له ڕاستیدا هاتنی جەلالەدین خوارەزم شابۆ کوردستان بەلایەکی گەورە بوو.

سەبارەت بە بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر کوشتنی سوڵتانی خوارزم، خەوافی پێییوایە چەندین رای جیاواز هەیە لەو بارەیەوە ، هەندێک دەڵێن لە شەڕدا ون بووە وهیچ هەوالێکی لێ نەزانراوە، هەندێکی ت بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی پێشووتر دەڵێن بۆتە سۆفی و موریدی خواجە نیزامولدین یەحیای سمنانی ( خوافی، 1386: 2/785 ؛ حسین،1976: 14).

بەلام هەندێکیش پێیانوایە راستە بە دەستی کوردان کوژرا بەلام مەبەستدار نەبووە (عبد اللطیف قزوینی ، 1314،هـ ش: 211) هەندێک سەرچاوەی تر پێییان وایە دوای هەرەتە بوونی لە چیاکان کوردێک پێی گەیشتووە و ویستویەتی دەر بازی هەولێری بکات، بەلام کوردێکی تر لە تۆلەی کوشتنی برای لە شەڕی خەلات کوشتویەتییەوە. ( حمد اللە مستوفی ، 1362: 500؛ شیرازی، 1362: 338، 341) .

هەروەها خەوافی لە درێژەی ناوهێنانی هەولێر، کاتێک باس لە یەکێک لە چوار ڕووداوی گرنگ لە ڕووداوەکانی ساڵی (639ک/ 1242ز)، دەکات، کە تایبەتە بەشاری هە ولێر، ئەویش پێدانی حوکومەت و فەرمانڕەوای شاری هەولێرە بە سەید تاج الدین محەمەد سەلابە [16] (خوافی،1386هـ.ش:2/794)، لە ساڵی (639ک/ 1241ز) فەرمانڕەوای شاری هەولێر لەلایەن خەلیفە المستنصر باللەدەست نیشان کراوە، (بناکتی، 1348: 212).

هەروەها لەنووسنەکانی هەمەدانیدا بۆمان دەر دەکەوێت، کە ئەو بووە قوربانی لە گرتنی قەڵای هەولێر بەو شێوەی کە هۆلاکۆ لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ بەغدا نوێنەری خۆی (ئەرفیتۆنویان) رادە سپێرێت بۆ گرتنی قەڵای هەولێر، ئەویش رووی کردە ئەو شارەو گەمارۆیدا، بەڵام کوردەکانی ناو قەڵا دەستیان بە شەڕ کرد، تاج الدین کوڕی سەلابە کە ئەوکات فەرمانڕەوای قەڵا بووە،ویستی تەسلیم بێت،و هەولیشیدا کوردەکان بەوە رازی بکات کە تەسلیم بن , بۆیە لە قەڵا دابەزی بەمەبەستی ڕێککەوتن و دانوساندن دەچێتە لای نوێنەری هۆلاکۆ، ئەویش پێی دەڵێت مەرجی ئیلی مڵکەچ کردن وسەردانەواندن وتەسلیم کردن و بەدەستەوەدانی قەلاییە،ئەویش گەڕایەو بۆ قەڵا، بەڵام کوردەکان داواکەی ڕەت دەکەنەوە و بەرگری کردن لە قەلا هەلدەبژێرن، ڕێگەیان بە تاج الدین محەمەدیش نەدا بگەڕێتەوە، بە ڵام بەتکا ڕێگەیان پێدا ئەویش گەڕایەوە و هۆلاکۆش بە پێی یاسای خۆیان کوشتی و قەڵاکەشیان ئەو کات بۆ نەگیرا،ڕەنگە قایمی قەڵا و بەگری قارەمانانە هۆکارێک بوبێت کە خەڵک ڕێگەیان نەدابێت محەمەد کوڕی سەلابە بگەڕێتەوە،مەغۆلیش سەرەتا بۆی نەگیرێت، (زەکی، 1931: 151-152؛حسین، 1992 : 147 ) چونکە خەلکی قەڵا تەسلیم نەبوون، بەڵام کوشتنی تاج الدین محەمەد سەلابە بووە دەرسێک کە بە ئاسانی متمانە بە مەغۆڵ نەکرێت، ئەوەش لە وەڵامی مەلیک کامل، بۆ نوێنەری هۆلاکۆ بەڕوونی دیارە (فضل اللة همدانی،1374: 716، 725).

لەڕووداوەکانی ساڵی (699ک/1300ز) باسی ڕۆیشتنی سوڵتان غازان خان کاتێک لە تەورێزەوە بەرەو وڵاتی شام دەچوو،دوای ئەوەی لە ئاوی زێ پەڕیەوەو لەقەلای کوشاف ماوەتەوە و پشویدا (خوافی، 1386هـ.ش:2/869).

هەروەهاسالی (700ک/1301ز)تایبەت بەشاری هەولێر، باس لە مردنی میرزادەیەکی مەغۆلی دەکات بەناوی میرزادە سەتلمش کوڕی (بورالغی) کە فەرماندەیەکی مەغۆلی و لە خزمە نزیکەکانی سولتان ئەلتایجۆ نویان لەنزیک کوشاف کە قەلایەکی کۆنە لە بەری ڕۆژئاوای شاری هەولێر ، هەر سەبارەتبە دەوروبەری شاری هەولێر خەوافی باس لە گەیشتن و دیداری دوو فەرماندەی ناوداری لەشکری مەغۆل بەناوەکانی میر قوتلغ شای نۆیان و سولتان غازان خان لە (702ک/ 1302ز) لە دەشتی کوشاف [17] پاش سەرکەوتنیان لەشەڕی رەحبە (فضل اللة همدانی،1374: 955؛خوافی، 1386هـ.ش:2/871).

نووسەر لە پوختەکەی بەتایبەت لەکۆتایدا جارێکی دیکە ناوی هەولێری بە "اوريل" هێناوەتەوە، کە شا محەمەد بە فەرمانی باوکی میر قەرە یوسفی تورکمان کرابووە بە فەرمانرەوای شاری هەولێر، ئەویش داویەتی بەکورەکەی خۆی بەناوی شا عەلی کە لە پیشوودا مێژوونووس حافز ئەبرو ئاماژەی بەم زانیارییە داوە (خوافی، 1386هـ.ش:1059/2).

## 3- ئەنجامی توێژینەوە :

**پاش تاوتۆێکردنی زانیاریەکانی سەرچاوە بە کار هاتووەکانی پەیوەندار بەبابەتی سەرەکی توێژینەوەکە گەیشتین بە چەند ئەنجامێک کە بە کورتی و پوختی دەیان خەینە روو:**

**1-سنوور دار بوونی ناوهێنانی هەولێر تەنیا لە چەند سەرچاوە یە کدا، بەجۆرێک کە زۆرینەی ئەو بابەتانەی لە سەردەمی باسەکەدا خراوەتە ڕوو دەکەونە چوارچێوەی ئەو قۆناغەی کە توێژینەوەکەی پێدا تێپەڕیوە، کە بابەتی سەرەکی باسەکە تێڕوانینی هەردوو نووسەرەکەیە دەربارەی لایەنی سیاسی و کارگێڕی شاری هەولێرە لەسەدەی نۆیەمی کۆچی / پازدەی زایینیدا.**

**2-سەرباری ئەوەی هەردوو مێژوونووس بەوردی باسیان لەڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی شاری هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان دەرکەوتووە، کەوا مێژوو نووسەکان زۆر بەکەمی پرژاونەتە سەر لایەنی کارگێڕی، هاوکات بە هیچ شێوەیەک باسیان لە دۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەو شارە نەکردووە، دەکرێت هۆکارەکەی زیاتر بگەڕێتەوە کە خۆیان لەنزیکەوە سەردانی شاری هەولێریان نەکردووەو هاوکاتیش ڕێبازی نووسینەکەیان ساڵنامەییە، کە ئەمەش بۆتە بەربەست لەبەردەم خستنەڕووی زیاتری زانیاری لەبارەی شاری هەولێر.**

**3-هەردوو سەرچاوەکە جەختیان کردۆتەوە لەسەر خستنەڕووی قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراوی شاری هەولێر، کە تیایدا کاربەدەست و فەرمانڕەوا خۆجێیەکان لەو سەردەمدا لەڕووی کارگێڕی و سیاسییەوە سەر بە فەرمانڕەوایەتی قەراقۆینلۆکان بوونە.**

**4-هەرچەندە مێژوونووسەکان لە نووسینەکانیاندا کە باسی شاری هەولێریان کردووە، وا خستویانەتە بەرچاو کەوا شارێکی ئارام و جێگیر بووە لەڕووی سیاسییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بەڕەهایی بڕوانینە ئەو نووسینانە بەوەی کەوا هیچ جۆرە ناڕەزایەتییەک لەلایەن خەڵکی شاری هەولێر دژ بە دەسەڵاتی شارەکە نەبووبێت، ڕەنگە هۆکاری باسە نەکردنی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا هەردوو نووسەر مێژوونووسی دەربار بوونە.**

**5-جێگیری بارودۆخی شاری هەولێر لەڕووی سیاسییەوە، یاریدەدەر بووە بۆ فەرمانڕەوای شارەکە بۆ ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە ئامادەکاری بکات تاکوو لەنزیکەوە چاودێری دۆخی نا جێگیری شاری بەغدا بکات کە لەلایەن جەلائیرییەکانەوە بەڕێوەدەبرا، کە ڕکابەری سەرسەختی قەراقۆینلووەکان بوون دەستی بەسەر دابگرن.**

## 4- پەراویزەکان

---

[1] شاهروخ میرزا (779 – 850 ک/ 1377 – 1446ز) بەهادۆریشی پی گوتراوە، چوارەم کوڕی تەیمووری لەنگ و یەکەم جێنشینی دوای مردنی ئەو بووە، لەمیرە بەتواناکانی تەیموورییەکان دادەنرێت.71 ساڵ ژیاوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:- ( ابرو، زبده التواريخ ؛ مجمل ف×يحی؛ م×احب، 1384: ج 2/ 1442 ).

[2] ئەبرو لە زمانی فارسی دا زیاتر بە مانای ( برۆ) دێت. ( ابن خلف تبریزی برهان قاطع، 1361: 1/ 80، 276؛ دهخدا، 1377: 6/ 8523).

[3] جەنگی سێ ساڵە ،یا هێرشی سێ سالە تەیمووری لەنگ لەو هەڵمەتەیدا کە سێ ساڵی خایاند، توانی دەست بەسەر ناوچەکانی ئازربایجان و کوردستان و لوڕستان و ئەرمەنستان و شێرواندا بگرێت. خوافی،1386: 3/ 1000 ،1001؛ م×احب، 1345: 540/1، 541.

[4] دووەمین هەڵمەتی گەورەی تەیموور بوو کە بۆ ماوەی پێنج ساڵی خایاند و تیادا هێرشی کردە سەر وڵاتی ڕوسیاو دەستی بەسەر شاری مۆسکۆ داگرت و پاشان هێرشی کردە سەر هیندستان و دەستی بەسەر داگرت و کردی بە بەشێک لە سنووری وڵاتەکەی. (خوافی،1386: 1004/3).

[5] سێیەم گەورە هەڵمەی تەیمووری لەنگ بوو کە ماوەی حەوت ساڵی خایاند (801-807ک/ 1398-1404ز)و توانی دەست بەسەر سنوری سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیسلامیدا بگرێت، لەوانە تێکشکاندنی عوسمانییەکان بوو لەشەری ئەنقەرە و مەلاتیەی وێران کردپاشان گرتنی بەغداد و میسر. ( غفاری، 1381: 251؛ کەریم، 2018، ل 29 )

[6] **قەرەقۆینلۆ** : بە واتای ( مەڕی ڕەش)لە یەکیەتی نێوان هۆزە تورکمانەکان کە لە ( 777-873ک/ 1375- 1468ز) نزیکەی سەدەیەک لە ناوچەکانی ئێران و نێوان دو ڕووبار ( میزۆپۆتامیا) حوکمرانیان کردووە، دامەزرێنەری ئەو میر نشینە کەسێک بە ناوی بیرام خواجە کە لە خزمەتی سولتان ئویس جەلائیریی بوو ،دوای مردنی ئەو لە ( 776ک/1374ز) شارەکانی مووسڵ و شنگال و ئەرجیشي خستە بن دەستی خۆیەوە . (خلیفە، 1384،: 429؛ م×احب، 1383: 2/2025؛ بۆزانیاری پتر بگەڕێوە بۆ سومر،1369:خێڵی قەرەقۆینلو)

[7] **جەلائیرییەکان** : بە ئیلکانیش ناویان هاتووە ، باپیرە گەورەیان ئیلکان نۆیان بووە، یەکەمین کەس کە چالاکی سیاسی و سەربازی هەبووە ، ئەوانە عێل و هۆزێکی جەلائیری بوون سەر بە مەغۆل ، گەورەترین و ناودارترین زنجیرەی پاشاکانی دەورانی نێوان ئیلخان و تەیموورییەکان ئەژماردە کرێن دامەزرێنەری یەکەمیان شێخ حەسەنی گەورە یە ( 741- 757ک/1340- 1356ز) ناودارترینیشیان سوڵتان ئوێس بووە، بیانی،1345: 1 ،33،13.

[8] یەکێک لە شارە کۆن و ناودارە کانی هەرێمی خوراسان بووە و لە ئێستاشدا کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئەفغانستان، لەسەردەمی ئیسلامیدا ناوبانگێکی زۆری هەبووە بەتایبەتی لەسەردەمی غوورییەکان دوانزە هەزار دوکانی هەبووە بەر لە هێرشی مەغۆل یاقوت خۆی لەو شارە بووە و بە شارێکی دەولەمەند و پڕ لە دانیشتوان وەسفی کردووە ، ئەم شارە بە درێژایی مێژوو دووچاری هەڕەشە و داگیرکاری هاتووە وەک هێرشی مەغۆلەکان و ماوەیەکیش ناوەندی دەسەلاتی تەیمورییەکان بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بۆ : (یاقوت، 1955: 5/396- 397 ؛ غبار، 1374: 218-220) .

[9] لە ڕۆژکاری کۆندا سەمەرکەندی پی ووتراوە یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە، دەکەوێتە وڵاتی ئوزبەکسانی ئێستا، ناوبانگی زیاتری دەگەڕێتەوە بۆ مەزارگەی تەیموور لە و شارەدا . بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بۆ : پیگۆلوسکایا، 1387هـ .ش: 160 ، 243 ؛ م×احب، 1383هـ.ش: 1336.

(10) سەبارەت بە ژیان و سەربووردەی سوڵتان جەلالەددین خوارەزم شا ناسراو بە منکبرنی بگەڕێوە بۆ: نسوی، 1384هـ.ش.

(11) هەولێر سەر بەهەرێمی چوارەمە ، شارێکی گەورە و ناوداره قەلایەکی توند و تۆلی هەیە، بەربوومی کشتوکالی بریتییە لە گەنم و لۆکەی باش، لە رووی کارگێرییەوە سەر بە دیاری رەبیعە بووە، لەسەردەمی جواگرافیناسی ئیسلامی یاقوتی حەموی کە خۆی سەردانی ئەو شارەی کردووە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە لە پێکهاتەی کورد بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ( حموی ، 1955: 1/ 138؛مستوفی قزوینی، 1336 هـ.ش:120)

(12) قەشتەمەر : میر جەماله دین قەشتەمەر الناصري یەکێک لە فەرماندەکانی ناسراوی سەربازەکانی خەلیفە ناصرالدين بالله عباسي بوو، کە رۆلێکی بەرچاوی لە رووبە روو بوونەوەی مەغۆلەکان بینیوە (الذهبي، 1987 : ج45، 46-51 ؛ شیرازی، 1362: 338).

(13) شارێکە دەکەوێتە هەرێمی ئازربایجان لە باکووری رۆژئاوای ئێران، سەردەمانێک لەو شارەدا زانای بەتوانا و بلیمەت هەبووە، هەروەها زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوونە، یاقوتی حەموی کە سەردانی ئەم شارەی کردووە باس لەو شارە دەکات کە گەورەو ئاوەادان بووە. شمس الدين سامی ، 2008، : 58، 336.

(14) شنۆ (ئوشنۆ): شارێکە سەر بە ئازەر بایجان لە باشووری ورمێ زێدی ژمارەیەک زانای بە ناوبانگە کە ناز ناوی (ئوشنه یي) یاقوت حموی) کاتی گەرانەوەی لە تەورێز بەرەو شارە تێپەریووە باس لە زۆری باخ و بیستان و ئاو هەوایەکی خۆشی هەیە .(هەمان سەرچاوە، ل 59).

(15) لەو بارەیەوە نسوی پێیوایە لەکاتی لێقەومان و ژیانی ئاوارەیی پاش هەرەشەکانی مەغۆل سولتانی خوارزمی نیازی وابوو رووبکاتە شاری هەولێر، چونکە وای بەبیر هاتەوە کاتی خۆی چاکەی لەگەڵ حاکمی هەولێرسوڵتان موزە فەرەدین گۆگبری کردووە، بەڵام بەر لە گەیشتنی بەشارەکە دەکوژرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بۆ: (نسوی، 1385هـ.ش ؛ شیرازی، 1362: 338) .

(16) سید تاج الدین محمد سەلابە عەلەوی کارگوزارێکی خەلیفە لە شاری هەولێر بووە، کەسێکی بە بڕیار و دیار و بەخشەندە و جوامێر بووە،رۆلی بووە لە دووبارە نۆژەن کردنەوەی کاولکارییەکانی مەغۆل، شورە ویرانە کەی نۆژەن کردۆتەوە، خێرو خێراتی زۆر بووە،سەر ئەنجام لە نزیک تەورێز بە هۆی هۆلاکۆ کوژرا.لە بەر ئەوەی نەی توانی قەلا تەسلیم بە مەغۆل بکات ( همدانی، همان: 705-716 ؛ ذهبي،1987: 48/ 40؛ الصفدی ، 2000: 88)، هەندێک سەر چاوە باسی ناکۆکی نیوان ئەو بەدرەدین لۆلۆ دەکەن ، بەڵام سەر چاوەی دیکە بۆمان دەر دەخات کە پەیوەندی دۆستانە لە نێوان هەبووە ، بە بەلگەی ئەوەی داوای کۆمەک و پشتیوانی لە حاکمی هەولێر کردووە لە کاتی هێرشی بۆ سەر ماردین ئەویش هەزار پیاوی بۆ ناردووە، ( بناکتی، 1348: 213).

(17) کوشاف: لە کۆندا قەڵایەکی گرنگ بووە و ئێستا گوندێکە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری هەولێر ، سەر بە ناحیەی گوێرە کە لە کاتی ئێستادا دابەش بووەتە سەر دووبەش لەوانە کوشافی کوردان و کوشافی عەرەبان. (غەفور ، 2015: 459).

5- سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان

- بەزمانی فارسی:


مستوفی : زین الدین بن حمدالله مستوفی قزوینی (ت795ھ /1392م).

- (تهران، 1394 ه.ش):ذیل تاریخ گزیده: به کوشش :ایرج افشار، انتشارات محمود افشار.

حمد الله مستوفی: ابی بکربن محمد بن ن×ر مستوفی قزوینی (ت 750 ھ /1349م) (تهران،1362):تاریخ گزیده: به اهتمام: عبدالحسین نوای ، انتشارات امیر کبیر.

ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد ( ت 808ک/ 1405 ھ )

(1385، تهران) :مقدمه ابن خلدون ، ترجمه محمد پروین گنابادی، انتشارات علمی فرهنگی.

ابن خلف تبریزی: محمد حسین متخل× به برهان قا×ع ابن خلف تبریزی،قرن یازدهم /1063 ز

( تهران، 1361): برهان قا×ع ،باهتمام: محمد معین، موسسه انتشارات امیر کبیر.

خوافی: احمد بن محمد بن یحیی ف×یحی (ت 849ھـ/1445م)

- (تهران،1386):مجمل ف×یحی، ت×حیح تحقیق، سید حسن ناجی ن×رابادی، انتشارات اسا×یر.

خواندمیر: غیاث الدین بن همام الدین بن جلاّ الدین محمد شیرازی (942ک/ 1535ن)

(تهران، 2535 ش. ھـ): دستور الوزراء ، ت×حیح :سعید نفیسی، انتشارات اقبال.

ف×ل الله همدانی :رشید الدین موفق الدوله علی همدانی (718ک/ 1318ن) ( تهران ، 1374 هـ.ش):جامع التواریخ، بکوشش: بهمن کریمی، چاپخانه اقبال.

السمرقندی: کمال الدین عبد الرزاق (ت887ه/1482م)

- ( تهران 1353): م×لع السعدین و مجمع البحرین، اهتمام: عبد الحسین نوایی، کتابخانه ×هوری.

شیرازی:شرف الدین عبدالله بن ف×ل الله (ت 760ه /1358م)

( تهران، 1362): تجزیه الام×ار و تجزیەالاع×ار- تحریر تاریخ و×اف، بقلم ایتی، انتشارات بنیاد فرهنگ.

غفاری: قا×ی احمد بن محمد بن نجم الدین غفاری قزوینی (ت- 975ھـ/1567م).

- (تهران:1404ھـ/1983م):تاریخ نگارستان،ت×حیح: مرت×ی مدرس گیلانی، کتابفروشی حاف×.

قزوینی : یحیی بن عبد الل×یف الحسینی القزوینی (ت 948ه /1545م)

- (تهران، 1314هـ ش):لب التواريخ، نشريات مؤسسه خاور، م×بعه سمين.

كاتب چلبى : م××فى بن عبد الله چلبى (حاج خليفه) ، ( ت1067ک/ 1656م)
- (تهران ،1384):ترجمه تقويم التواريخ سالشمار وقايع مهم جهان، مترجم ناشناخته ، ت×حيح مير هاشم محدث.

كاشانى: ابو القاسم عبد الله بن محمد الكاشانى (ت 738ه/1337م)
- (تهران،1366ه.ش): زبده التواريخ،بكوشش: محمد تقى دانش پژو،مؤسسه م×العات فرهنگى.

نسوى: شهاب الدين محمد خرندزى زيدرى منشى (ت حوالى 639ه/ 1241م )
- (تهران، 1384):سيرت جلال الدين منكبرنى،مترجم مجهول،ت×حيح و تحشيه: متجبى مينوى، انتشارات علمى فرهنگى.

الهروى : سيف الدين بن محمد بن يعقوب الهروى (ت681ه/1282م)
- (كلكته، 1352ه.ش):تاريخ نامه‌هراه، بت×حيح، محمد زبيرال×ديقى ، سعىو اهتمام سيف خان بهادر خليفه محمد اسداله، كتابفروشى خيام.
يزدى: شرف الدين على ( ت858ه/1454م)
- (تهران، 1366ه.ش):×فر نامه، ت×حيح: محمد عباسى، انتشارات امير كبير .

- بەزمانی عەرەبی
الذهبى: شمس الدين ابى عبد الله محمد بن احمد (ت748هـ/1347م)
- (بيروت،1987):تاريخ الإسلام و وفيات المشاهير و الآعيان، تحقيق: عمر عبد السلام تدمرى، دار الكتاب العربى.

الصفدی: صلاح الدين خليل بن ايبک( ت 764هـ/ 1363م)
- (بيروت،2000): الوافي بالوفيات، تحقيق : احمد الارناؤوط، تركي مصطفى، دار احياء التراث العربي.

ياقوت الحموى: شهاب الدين ابى عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومى (ت 626هـ/1229م)
- (بيروت ، 1955):معجم البلدان، دار ال×ادر لل×باعه والنشر.

دووەم : ژێدەرەكان

- فارسییەکان:

اشپولر: برتولد و دیگران..

- (تهران، 1380ه.ش):تاریخ نگاری درایران،ترجمه و تالیف یعقوب اژند،انتشارات گستره، چاپ دید اور.

اشتیانی : عباس اقبال اشتیانی

- تاریخ ایران پس از اسلام از ×در اسلام تا انقرا× قاجاریه

بار تولد

- (تهران،1366،ه.ش ):ترکستان نامه،ترجمه کریم کشاورز، موسسه انتشارات اگاه.

براون : ادوارد گرانویل

- (تهران 1381ه.ش ):تاریخ ادبیات در ایران ، ترجمه: غلام حسین ×دری افشاری ، انتشارات مروارید .

بهار: محمد تقی

- (تهران، 1350ه.ش):سبک شناسی، انتشارات امیر کبیر.

بیات: عزیز الله

- (تهران، 1383): شناسائی منابع و ماخذ تاریخ ایران از اغاز تا سلسله ×فویه، انتشارات امیر کبیر.

پیگو لوسکایا

- (تهران، 1387):شهرهای ایران در زمان پارتیان و ساسانیان، ترجمه عنایت الله ر×ا، انتشارات علمی فرهنگی .

دهخدا :علی اکبر

- ( تهران 1377 ،ه.ش) :لغت نامه دهخدا، زیر ن×ر: محمد معین، چاپ دانشگاه تهران .

بیانی , شیرین

- (تهران، 1345 ه.ش ):تاریخ ال جلایر، انتشارات دانشگاه تهران.

سومر: فاروق

(تهران1369 ه. ش):قراقوینلوها ، ترجمه: وهاب لی ، انتشارات علمی فرهنگی.

محمد غبار: میر غلام محمد غبار

- (تهران 1374 ه.ش) : افغانستان در مسير تاريخ ، چاپ انتشارات جمهوری‌جمهوری،
- م×احب: غلامحسين
- تهران – نيويورک، 1345ه.ش ):دايره المعارف فارسی،انتشارات فرانكلين.

- عەرەبيەكان :

الرفاع: على عبد الله
- رواد علم الجغرافييه فى الد×ارت العربيه الاسلاميه،مكتبه التوبه،د.م 1410هجری.

- سەرچاوە بە زمانی كوردی:

سامی: شەمسەدين
- هەولێر ،2008:كورد و كوردستان لە يەكەم ئەنسكلۆپيديای توركی لە مێژودا، و. احمد تاقانە دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس.

شێخ محەمەد: رابيعە فەتاح
- (هەولێر، 2005) : كوردستان لە سەدەی پازدەی زايينيدا، چاپخانەی رۆشنبيری.

غەفور: عەبدوڵڵا
- (سلێمانی،2002): فەرهەنگی جوگرافيای كوردستان، دەزگای سەردەم.

حوسێن :موحسين محەمەد:
– چەند توێژينەوەيەک لە مێژووی كورددا (كوژرانی دوا سوڵتانی خوارزمی بە دەستی كوردێک)، ئەكاديميای كوردی، (هەولێر: 2013ز).

حسين :محسن محمد: (لێكۆلينەوە يەكی بەراورد كاری لە نێوان دوو قەلآت دا خۆگريی قەلاتی هە ولێر لە مێژووداوپاشماوە كانی قايمكاريی قەلآتی حەلەب، گ گۆڤاری كۆڕی زانياری عێراق دەستەی كورد، بەرگی بيست و سێ يەم و چوارەم، ( بەغدا:

كريم :م××فی محمد , (هەولێر، 2018): لێكۆلينەوەيەک لە مێژووی سياسيی دەولەتی سەفەوی 1501 – 1736 ، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدين.

ملخص البحث

تعدَ مدينة أربيل ( هولير) واحده من أقدم مراكز الاستيطان البشري في العالم،؛ ولاتزال الحياة قائمة فيها حتي وقت الحاضر. وعلى مدى تاريخ الطويل كانت تابعة للعديد من الدول والامبراطوريات حكمت المنطقة، كما ان العديد من المصادر العربية و الفارسية؛ تضمنت معلومات التاريخية عن المدينة. والحقيقة ان اربيل أدَت مدينة أربيل دورا بارزا في العديد من الاحداث والوقائع الاحداث السياسية والعسكرية التي شهدتها المنطقة، ومنها احداث الغزو التيموري للمنطة (771-916ك/1369-1510 ز).

ان الهدف من هذا البحث هو قراءة وتحليل النصوص التاريخية المتعلقة بمد*ينة اربيل اثناء الغزو التيموري للمنطقة، الواردة في المصادر التاريخية الفارسية في نصف الاول في القرن 9هـ /15م، وبخاصة كتاب حافظ ابرو ت (833ه /1429م)، و المؤرَخ فصيحي الخوافي ت (845 ه/ 1441م) و غيرهما من المؤرخين.

واعتمد البحث على مجموعة من المصادر الفارسية والعربية ايضاً لمقارنة وتدقيق المعلومات، للوصول الى هدف البحث وهو ابراز الضوء الاقرب الى الحقيقة التاريخية.

**الكلمة الدالة :هولير، أربيل، قره يوسف ، شاه محمد ، كوشاف ، شاه علي.**

## Abstract

(Hawler – Erbil) is a historical city that is known as the oldest inhabited city in the world, there is still life in it. Its name mentioned in many Persian and Islamic historical sources and several places, but at the time of this research had been achieved, according to the mentioned sources this city largely was a part of Timore's era and his sons, although Hafiz Abru (833 AH / 1429 AD), Fasihi Al-Khawafi (845 AH /1441 AD) at this time had an active role for showing information on Erbil, but seldomly mentioned its name. So for getting information, the researcher has to work hard to get information from these texts that had been described on Erbil city, events related to this city and its surroundings. The research originally relied on a collection of Persian sources and references, in particular, but to analyze and writing more details on this subject, had got benefir from these sorces which are translated into other languages.

Keywords: Hawler, Irbl, Qara Yousif, Shah Mohammad, Kooshaf, Shah Ali,.